## دلاوەر قەرەداغی:

# سەفەری شاعیر گوڵەوەچنیکردنی کۆی ئەزموونێکە لە خەون و رامان لە ترۆپکی منداڵێتییاندا

*دلاوەر قەرەداغی یەکێکی لەو شاعیرانەی کە هەمیشە بە زمانی گووڵ نەک روو لە خودا، بەڵکو روو لە مرۆڤە بێگەردەکانی وەکو (ئازاد سوبحی) دواوە و ستایشی باغەکەیانی کردووە. ئەم پیاوە ئەوەندە ناسک بووە کە تەنانەت کاری کردووەتە سەر قسەکردن و ئاخاوتنی و هەر بۆیەشە ئێمەی لە چاوەڕوانییەکی فرەدا هێشتەوە تا ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ساز بدەین. بەهەر حاڵ ئەم رەنگە یەکێک بێت لە سیفەتە هەرە قەشەنگەکانی ئەم پیاوە باڵدارە و لە لای ئێمەی خوێنەریش شیاوترین سیفەت بێت، قەشەنگترین و جوانترین، ئەو سیفەتانەن کە دەدرێنە پاڵ بێدەنگییەوە، ئەویش لە بەرامبەر شاعیردا، چونکە تەنها ئەوە شاعیرە کە رێزی وشە دەگرێ و ئەزانێت بەهای وشەیەک چەندەیە.*

سازدانی: سۆران عەزیز و رابەر فاریق

**کوردستان راپۆرت:** شاعیرهەمیشە لە سەفەرێکدایە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دونیا، ئێوە لەو سەفەرەتاندا گەیشتوونەتە کوێ؟

**دلاوەر قەرەداغی:** وێستگەکان لە رەوتی سەفەری شاعیراندا بەنێو خۆیان و بەنێو دونیادا کۆمەڵێک ئاوێنەن کە کەسی موسافیر دوای هەر گەڕانەوەیەک لەبەریاندا لە خۆی و لە دونیا دەنۆڕێ و هیچ جارێکیش دوا بینین لەوانەی پێشووتر ناچێت، سەفەری شاعیر گوڵەوەچنیکردنی کۆی ئەزموونێکە لە خەون و رامان و بینینی رەنگ و تامکردنی شتەکان لە ترۆپکی منداڵێتییاندا. گەرچی ئەوە ئەزموونێکە تایبەتی و هەرکەسێک قسە و گوزارشتی خۆی بۆی هەیە و خەونێکە کە هیچ دوو کەسێک ناکرێ وەک یەک ببینن، بەڵام بە گشتی هەموو سەفەرەکان لە خودی ژیانەوە دێن و گوڕی بەردەوامبوون لە جوانی و ئەفسوونە نەبینراوەکانییەوە وەردەگرن. گەرسەفەری ئاسایی بریتی بێت لە جێگۆڕکێ و جووڵەی کەسێک لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر و نیشتەجێبوون لە جوگرافیایەکی تردا، ئەوا سەفەری شاعیر جووڵەی رێگاکان و شوێنگۆڕکێی جێگاکانە لەنێو خودی خۆیدا. بە مانایەکی دی سەفەری شاعیر، سەفەرە بۆ جێگایەک کە دونیا هێشتا منداڵە، دوای گەڕانێکی زۆر و سەفەرگەلی زۆر، دواجار سەر دادەگرێ و دەبینێت ئەو جێگایە دەکەوێتە بناری دڵی خۆی و دەکەوێتە چەپەکترین شاری چراخانی تەنیایی خۆیەوە. سەبارەت بە خۆیشم دەبێ بڵێم کە من تازەکی کەوتوومەتە رێ و جارێ چ وێستگەیەکی وا نەهاتووەتە رێم کە شایانی باسکردن بێت و کاتی ئەوە نەهاتووە کە بڵێم گەیشتوومەتە کوێ، لەڕاستیدا پێناچێ (هیچ کوێیەک) یش لە نەخشەی ئەو سەفەرانەی گەڕان و بینین و ئەزموونکردندا هەبێ، ئەوەی هەیە و من جارێ هەستی پێدەکەم و لەتەکیدا دەژیم، هەندێجار ترس و زۆرجاریش شەپۆلی رژانێکە کە بە گوڕم هەڵدەکا و رووناکم دەکاتەوە. هەموو هەوڵی من بۆ خامۆش نەبوونی ئەو رووناکییەیە، من لەوێدا و لەبەر رووناکییدا دەتوانم بنووسم و درێژە بە سەفەرێک بدەم کە نازانم دەمگەیەنێتە کوێ.

**کوردستان راپۆرت:** پێتوایە کە تەکنەلۆژیا شیعریشی ئازاردابێ کە دەتوانێت شیعر وەکو بارمتە لەلای کۆمپیوتەر جێبهێڵێت؟ گەر لە تەکنەلۆژیا دووربکەوینەوە ئایا ئەلتەرناتیڤێکی سوودبەخش هەیە لە جێگەی ئەم دابینێین؟

**دلاوەر قەرەداغی:** ئەوە قەدەری شیعرە کە دەبێ هەبێ، کە دەبێ لە تاریکترین گۆشەی دونیادا خوێنەری تاکوتەنیای خۆی بدۆزێتەوە و پیاسەی خۆی لەتەکدا بکات و شتێکی نەگوتراوی پێبڵێت. لەڕاستیدا شیعر بەو هاوسەفەرە کەم و غەمگین و نائومێدانەی خۆیەوە جوانە. شیعر خودان سیحری خۆی و ساتەوەختی خۆیەتی، ساتەوەختگەلێک کە هەست دەکەین شتێکمان بیرچووە و نازانین چییە، کەسێکمان لێجێماوە و نازانین کێیە، سەفەرێک دەکەین و نازانین بەرەو کوێ. دەکرێ وەک یەکەیەکی کەینوونی لە شیعر بنۆڕدرێ کە سەروکاری لەگەڵ هەرە تاریکترین گۆشە و قوژبنەکانی ناخی مرۆڤ و پرسە گەردوونیی و ریشەییەکانیدایە. پرسگەلێک کە نەک هەر تەکنەلۆژیا بەلایدا گوزەر ناکا، بەڵکو مەودای جووڵەی ئینسان بەرتەسک دەکاتەوە و رۆحی دادەهێزرێنێ و لە قاڵبی دەدا. لە راستیدا رەخنەی تەقلیدیی کوردی زوو زوو بە شتێک لە گاڵتەجارییەوە ئەو قسە کلێشەییە دەجوێتەوە کە گوایە شیعر باوی نەماوە یاخۆ زەمەنی شیعر بەسەرچووە، پێموایە قسەیەکی لەوجۆرە چ راڤەیەک هەڵناگرێ جگە لە بەدتێگەیشتن لە ئەدەب و لە جەوهەری شیعر، قسەیەکی لەوجۆرە دەشێ یان لە ناکامبوونێکی خاوەنەکەیەوە هاتبێ بەوەی کە رۆژێک لە رۆژان ویستوویەتی ببێتە شاعیر و نەیتوانیوە و کەس گوێی لێنەگرتووە، یاخۆ ئەویش حەزدەکا بچێتە ناو ئەو کۆرسەوە کە راهاتوون هەمیشە پێکەوە قسە بکەن، پێکەوە قسە لەسەر لەکەدارکردنی کاری جوان و بەئاسماندا بردنی ناشیرینی بکەن. بیرمان نەچێ حەزێکی زۆر بەهێز لە رەخنەی ئێمەدا هەیە بۆ تەمجیدکردنی ناشیرینیی، مەترسییەکە لەوەشدایە کە ئەو رەخنەیە هەوڵ دەدا خۆی وەک رەخنەیەکی مۆدێرن و جددی نمایش بکات.

**کوردستان راپۆرت:** شاعیر دەتوانێ بە وشە نیشتمان بخوڵقێنێت؟ ئەگەر دەتوانێ مومکینە زێدی دایک فەرامۆش بکات، لەو کاتەدا ئەگەر ناشتوانێ هۆکار چییە کە قەسیدەی نیشتمان نانووسێتەوە؟

**دلاوەر قەرەداغی:** ئەمڕۆ لە هەرکاتێکی تر زیاتر دەکرێ چەمکی نیشتمان بخرێتە ژێر پرسیار و بەرگە رۆمانتیکییە شۆڕشگێڕییەکەی لەبەر دابماڵرێ. بیرمان نەچێ ئێمە لێرەدا باس لە ئینتیما ناکەین و نەک هەر بەوەوە نایبەستینەوە، بەڵکو دەکرێ جەخت کردن لەسەر ئەمیان زیاتر مانا چەسپاوە تەقلیدییەکەی ئەویانمان لەلا کاڵ بکاتەوە، مانایەک کە حزب لە دونیای ئێمەدا بەدرێژایی چەندین دەیە خوڵقاندوویەتی و سەودا و مامەڵەکانی خۆی پێڕایی کردووە. بەر لەهەر شتێک مرۆڤ ئینتیمای بۆ جوانیی و داد و بەختەوەری هەیە و ئیدی لەهەر بوقعەیەکی سەر ئەرزدا لێیان بەهرەمەند بێ، ئەو جێگایەی بۆ دەبێتە نیشتمان. ئاخۆ دەبێ نیشتمان چی بێت جگە لە زێدی منداڵیی و یادەوەرییە دوورەکان، دەبێ نیشتمان چی بێت جگە لە پەنجەرەیەک کە ئێوارەیەکی پاییز دەستێکی میهرەبان بە رووی کۆڵاندا دەیکاتەوە و ژوورەکانی لێپڕ دەکات لە بۆنی باران، دەبێ نیشتمان چ بێت جگە لەوەی کە مرۆڤ تیایدا هەست بە دڵنیایی لە گوزەران و شکۆ و کبریائی بکات و کەس بۆی نەبێت بە پێوپلی قوڕاوییەوە خۆی بە حەرەمی ژیان و ئایندەیدا بکا و نەیکاتە کەرەستەیەک بۆ کڕین و فرۆشتن و هەتک کردن، بەڵام کە زێدی منداڵیی داری بەسەر بەردییەوە نەما و کۆڵانە باراناوییەکانی بە ژەهر قیرتاوکران و باخچەکان کرانە کۆشک و چێشتخانە و ئوتێل و کە هاووڵاتی ناچارکرا متمانەی بە هاووڵاتیبوونی خۆی نەمێنی، ئیدی گەر ئینسان بۆی بلوێ ناچارە جێگایەکی تر و رووبەرێکی تر بکاتە نیشتمان.

**کوردستان راپۆرت:** لە شیعری تۆدا بە تایبەت لە دیوانی "ماڵێک لەناو زەریا .. ماڵێک لە تەنیشت بیابان" دا، مۆسیقا کلیلی کردنەوەی دەرگەی قەسیدەکانە، دەکرێت بگوترێت ئەوەی گوێگرێکی زۆر باش نەبێ، ئەستەمە چێژێکی زۆر ببات. ئاخۆ شیعری جوان بەبێ موزیکێکی یەکریتمی بۆشاییەک جێناهێڵێت؟ رۆژانە گوێ لە موزیک دەگریت؟ پێتوایە ئەگەر شیعر باڵندەبێ، موزیک باڵەکانی بێت؟

**دلاوەر قەرەداغی:** هەموو وشەیەک چ لە ناو شیعر و چ لە دەرەوەی شیعر و لە نێو ژیان و لە سروشتدا، هەڵگری مۆسیقا و نەغمەی تایبەتی خۆیەتی. وشە بەر لەوەی چەند پیتێکی نووسراو بێت، لەرەی نەغمەیەکە کە دواتر لەگەڵ وشەگەلی تردا رستەیەکی مۆسیقی پێکدینێ و رایەڵەیەکی هارمۆنیایی دەخوڵقێنێ. تەنانەت لە نێو خودی بێدەنگیدا و لەوکاتەدا کە گوێ لە بێدەنگیی رادەدێرین، دەنگگەلێک دەبیستین و شەپۆلێک لە نەغمەمان دەڕژێتە گوێ. دەمەوێ بڵێم کە هەموو وشەیەک هەڵگری هێزێکی تەقینەوەییە لە دەنگ و مۆسیقا. ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئێمە چۆناوچۆنی هەست بە وشە دەکەین و چۆن ئەو نۆتە مۆسیقاییە لە شیعردا دەژەنین. ئیشی شاعیر لەم رووەوە تا رادەیەکی زۆر لە ئیشی ئەکتەرێک دەچێ کە چۆن بە هەستکردنی بە قووڵایی وشە و ژەنینی، هەست وسۆزی ئەو کارئەکتەرەی کە دەورەکەی دەبینێت و ئاوێتەی بووە، راستەوخۆ بۆ بینەر دەگوازێتەوە و لەگەڵ رووداوەکانی شانۆنامەکەدا یەکانگیری دەکا و بە درێژایی یەک دوو سەعات لەسەر کورسییەکەی دەیهێڵێتەوە. پرۆسەی شیعرنووسین بە بڕوای من هاوگونجاندنی ئەو هەموو دەنگ و ریتم و مۆسیقا لە سەرەتادا تێکچڕژاو و ناهارمۆنییەیە لە یەکەیەکی تۆکمە و ریتمیک و وەستایانە تانوپۆ چنراودا. من هەوڵمداوە، وشە لە شیعردا بەر لەوەی بەری بکەوم و بینووسم، هەزار حیسابی بۆ بکەم، هەوڵمداوە بەرلەوەی بینووسم دەستی لێبدەم، نەوازشی بکەم و هەست بە گەرما و جووڵەی هاتوچۆی خوێنی بکەم و دەنگی دڵی بژنەوم. شیعر بەرلەوەی هەر شتێک بێ، دەبی کائینێکی زیندوو بێت، دەبێ خاوەن جووڵەی خۆی و ریتم و مۆسیقای تایبەتی خۆی بێت. سەروکاری شیعر لەگەڵ ژیان و زیندوێتیدایە.

**کوردستان راپۆرت:** پێموایە زمانی وەرگێڕانی تۆ، زۆر نزیکە لە زمانی وەرگێڕانی "هەژار موکریانی" بە تایبەت کاتێ کە رۆمانەکانی "مەسیح لە خاچ دەدەنەوە" و "فرانسیسکۆس قەدیسی من" دەخوێنینەوە تەواو هەست بەم نزیکایەتییە دەکەین، ئایا بەرهەمە وەرگێردراوەکانی "هەژار موکریانی" ت خوێندۆتەوە؟ تا ئێستە بە هیچی سەرسام بوویت، تا ئەو ئاستەی کۆمەکت بکات بۆ کوردناندنی ئەو بەرهەمانەی تەمەنات کردووە هاوزمانەکانت بیخوێننەوە؟

**دلاوەر قەرەداغی:** چەند بەرهەمێکی هەژار موکریانیم خویندوونەتەوە. کە وەرگێڕان دەکەم دەچمەوە سەر فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) کەی. جگە لە هەژار و هێمن، بە گشتی من زمانی نووسینی دەستەیەک لەو نووسەرانەی موکریان و کوردستانی ئەودیوم پێخۆشە و نووسینەکانیان دەخوێنمەوە. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، کە وێڕای فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) کەی مامۆستا هەژار، بۆ کاری وەرگێڕان دەچمەوە سەر فەرهەنگی (کەمالنامە) کەی مامۆستا کەمال جەلال غەریب و فەرهەنگێکی سوێدی _ کوردی کە کاک رێبوار رەشید نوسیویەتی و ساڵی رابردوو لەلایەن دەزگایەکی سویدی تایبەت بە فەرهەنگەوە چاپکراوە. ئەو فەرهەنگەی کاک رێبوار بە بڕوای من، نەک هەر بۆ سوێدی فێربوون بەسوودە، بەڵکو فێری کوردییەکی جوانیشمان دەکات.

**کوردستان راپۆرت:** بەتێڕوانینی تۆ شیعر و شاعیر دەتوانن بە دوای یەکتردا بگەڕێن؟ ئەگەر ئەوان بێزار بوون لە یەکتری پێتوایە شیعر و خوێنەر و خوێنەرو شیعر و شیعر و جواننووسی و شیعر و ئیستاتیکایش لە یەکتری بێزار ببن؟

**دلاوەر قەرەداغی:** شیعر و شاعیر لەنێو یەکدیدان و یەکانگیر و تەواوکەری یەکترین. نە شیعر کەرەستەیە و نە شاعیریش کارگەیە بۆ بەرهەمهێنانی شیعر. هاوکێشەکە لەوپەڕی ساکاریدایە و چ پێویست بەو لەخۆئاڵۆزکردنە ناکات. شیعر پارچەیەکە لە رۆحی شاعیر، شیعر وەکی کرمی ناو قۆزاخەیەک، لە تاریکترین قووڵایی رۆحدا نووستووە و چاوەڕێیە رووناکی شاعیر لێیبدا و ئیدی درز بکاتە توێکڵی قۆزاخەکە و بە پەپوولەیی بێتە دەرەوە و بفڕێت. وەکی تر من بۆ خۆم ناحەقی خوێنەری ئێمە ناگرم کە لە شیعر بتۆرێ و جۆرە کاردانەوەیەکی نەرێنی بەرامبەر شیعر لەلا دروست بێت. لێت ناشارمەوە کە شیعرێکی ناشیعر دەخوێنمەوە، یەکەندەردوو دڵم دەچێتە لای خوێنەر کە چۆن دەکرێ ئەو کەرەستە ناشیرین و ناقۆڵایەی بەناوی شیعرەوە پێبفرۆشرێتەوە. هەستدەکەم ئەوە بەر لە هەر شتێک سووکایەتی کردنە بە خوێنەر کە بە داخەوە ئەدەبیاتی ئێمە پڕە لەو جۆرە سووکایەتی کردنانە و هەر خوێنەری ئێمەیشە ئەو هەموو سووکایەتییەی لە ئەدەبیاتی ئێمە پێ قەبووڵ دەکرێ. کەچی هێشتا ئێمە خۆمان بەسەر خوێنەردا با دەدین و لاف و گەزافی بەسەردا لێدەدەین، دوو شیعری بێمانا بڵاودەکەینەوە کە سەرتاپا دێڕ و وێنە و ئیشی خەڵکی ترە، ئیدی سێ چوار دیدارمان لەگەڵ ساز دەدرێ و هیچ خەیاڵمان لای ئەوە نییە کە ئێمە غەدرمان لە خوێنەر کردووە و جگە لە بەهەدەردانی کات و کاغەز، هیچمان پێنەبەخشیوە.

**کوردستان راپۆرت:** شیعر جەنگە، بەڵام شاعیر بە هیچ شێوەیەک نابێ هەڵگری ترس بێ، بۆ ئەوەی لەو جەنگەدا سەربکەویت پێویستیت بەچی هەیە؟ ئەو شتەی لە تەواوی تەمەنتدا شەڕی مانەوەی جوانی پێ دەکەیت چییە و پێویستە چۆن بەکار بهێنرێت؟

**دلاوەر قەرەداغی:** پێموانییە شیعر جەنگ بێت، بەڵکو شیعر رەتبوونی منداڵێکی ترساوە بە کۆڵانێکی تردا. ترسیش کەم تا زۆر بەشێکە لە پێکهاتەی شاعیر و هەمیشە رووبەرێک لە ترس، تەنانەت گەر لەژێر دەمامکیشدا بێت، لە تێکستەکانیدا دەناسرێتەوە. ئەوە بەشێکی زۆری لەبەر ترسە کە دێینە قسە، کە بۆ هاودەمێک دەگەڕێین پیاسەیەکمان لەتەکدا بکات و گوێمان بۆ رادێرێ و بە چاو تەماشامان بکات. شەڕی من (گەر بشێ ناوی شەڕی لێبنرێت) بۆ پارێزگاری کردن لە جوانیی ئەوەیە کە خۆم بم، کە لە نزیک خۆمەوە بژیم نەک بەسەر خۆمەوە، کە پارێزگاری بەم رووبەرە لە تەنیایی و ئارامییەوە بکەم کە ئەم وڵاتە (وڵاتێک کە هەست دەکەم تیایدا بەڕاستی هاووڵاتیم و من و پادشاکەی لەبەردەم یاسادا خاوەن هەمان ماف و ئەرکین) بۆی فەراهەم کردووم.



> **شیعر رەتبوونی منداڵێکی ترساوە بە کۆڵانێکی تردا، ترسیش کەم تا زۆر بەشێکە لە پێکهاتەی شاعیر و هەمیشە رووبەرێک لە ترس، تەنانەت گەر لەژێر دەمامکیشدا بێت، لە تێکستەکانیدا دەناسرێتەوە**

# ئاست و مۆرکیەتی موزیکی کوردی لە دیدی چەند موزیکژەنێکەوە

ئا: فەرمان سدیق

سەبارەت بە پرسیاری ئەوەیکە چۆن بتوانین موڵکایەتی موزیکی کوردی بدەینە پاڵ ئاوازێکی کوردی؟ (هەڵبەست سەلاح) گوتی "ئێمە مێژوویەکی کۆنمان هەیە لە رووی هونەرییەوە، ئەگەر باسی گۆرانی و موزیکی کوردی بکەین دەبێ سەرەتا باسی گۆرانی بکەین، چونکە مێژووەکەی کۆنترە وەک سیاچەمانەو حەیران و شتی لەم شێوانە کە هەریەکەیان تایبەت بوون بە ناوچەیەک. ئەوانە بەڵگەیەکن بۆ ئەوەی کە تۆ گوێ لەم گۆرانیانە بگریت، زانیت کە ئەوانە تایبەت بە خانەی گۆرانی کوردین و موڵکی شوێنی تریان پێوە دیار نییە، وەک موزیک مێژوویەکی ئەوەندە کۆنمان نییە لە دوای ساڵی 1970ەوە ئێمە بە شێوەیەکی فراوان کارە هونەریەکانمان گەیشتوەتە گوێی خەڵکی کورد، بۆیە دەتوانم بڵێم وەک بناغە لەرووی زانستییەوە سەیر بکرێت مەبەستیشم لەمەیان ئەوەیە وەک ئەوەی مامۆستا عەبدوڵا جەماڵ کە کاری بۆ زۆر هونەرمەند کردووە کەچەندە بە شێوازێکی جوان کارەکانی لەرووی دابەشکردن و لە روی زانستییەوە دابەش کردووە. دڵنیام ئەگەر کەسێکی بیانیش گوێ لە بەرهەمی لەمجۆرە بگرێت دەزانێت کە ئەو شێوازێکی زانستیانەی هەیە و بەرهەمی میللەتێکە مەرج نییە ئەو میللەتە ناسراو بێت، چونکە ئەگەر نەناسراو بێت ئەوەیان دەبێتە هۆی ناسینی. نامەوێ بڵێم تەنها کارەکانی ئەم هونەرمەندە کوردین، هونەرمەندی بە توانای ترمان زۆرە بۆیە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر هەستی کە ژەنیارەکە کە چەندە بە دوورە لە مۆرکی فارسی یاخود تورکی". سەبارەت بەوەیکە مۆرکی موزیکی کوردی لە گۆرانییەکانی ئەمڕۆ زیاتر بەدی دەکەیت یا لەگۆرانییە کۆنەکان وهۆکاری ئەمە چییە؟ (هەڵبەست) گوتی "بەشێوەیەکی رەها ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە تەنها گۆرانییە کۆنەکانمان پێ باشتر بێت لەوانەی ئێستا، بەڵام لە کۆندا کۆمەڵێ هونەرمەند توانیویانە بەشێوازێکی زۆر جوان کار بکەن ئێستاش کۆمەڵێ هونەرمەند هەن کە توانیویانە بە شێوازێکی جوان کاربکەن، بەڵام ناکرێ ئینکاری لەو شەپۆلە گۆرانییە عەرەبییە بکەین کە بەرێوەیە بەرەو رووومان دڵنیام لە ماوەی داهاتوو چەمکێک بۆ گۆرانی و موزیکی کوردی دێتە پێشەوە کە هەموومان پێی سەرسام دەبین و گشت پێداویستە هونەریە پێشکەی وتووەکانیشمان لەلا بەدی دەهێنرێت. لەرووی مۆرکەوە دیارە هەموو ئەو بنەمایانەی لە رابردوو هەبوون وەک کلتوورێک ماونەتەوە هەموو نەتەوەیەکیش وایە بۆنمونە تورک لە رێی ئەو موەشەحاتانەی هەیانبووە پێشتر بناغەی ئەمڕۆی موزیکی ئەرەبێسکیان داناوە، فارس لە رێی گۆرانی و بابەتە هونەریەکانیانەوە تێهەڵکێشییان کردووە بە مۆسیقا سودیان لێوەرگرتووە . ئێمە دەتوانین ئەوانە رابردوو بکەینە هەوێنی ئەم مەسەلەیە، چونکە بابەتی گۆرانیمان وەک لایەنی فۆلکلۆری زۆرە ئەو کارانە بە شێوەیەکی پێشکەوتووخواز لەگەڵ مۆسیقا یەکانگیر بێت وەک بواری موزیک کاری تیا بکەین نەک وەک گۆرانی. دەتوانم بڵێم ئەوەی مۆرکی موزیکی کوردی بەدەردەخات. دەربارەی جیاوازییەکانی موزیکی دوونەتەوە و ئەو هۆکارانەی کە ئاوازو مۆسیقای دوو نەتەوە لە یەکتر جیادەکەنەوە هونەرمەندی ناوبراو گوتی "هەموو نەتەوەیەک هەڵگری مێژوو و کلتوور و جوگرافیاو سروشت و زمانی خۆیەتی، لەناو ئەم لانکە نەتەوەییەدا ریتم و ئاوازی پەیوەست بەو نەتەوەیە لە ناو مێژووی دورو نزیک دا لەگەڵ ساتەکانی ژیان دا لە خۆش و ناخۆش و رووداو گۆڕانکاریە سروشتیەکان دا لە دایک ئەبن و لەگەڵ گۆڕانە نەتەوەییەکاندا یان ئایینەکاندا بەپێی سەردەم ئەو میلۆدیانە سیمای نوێ وەرئەگرن و عەشق و خۆشەویستی ئینسانەکان بۆ ژیان ئەو ئاوازو میلۆدیان لە باوەش ئەگرن و لەگەڵ ترپەی دڵەکان داو لەناو ئیلهام و جوانییەکاندا ئەو میلۆدیانە رەنگاو رەنگ تر دەبن. میلۆدی کوردی کە بە زمانی کوردی گۆرانییەک ئەوترێت زمانەکە ئاوازێکی دیکەی ئەکا بە بەردا، ریتمی گشتی ئەو نەتەوەیە ئاوازەکان لەنگەر پێ ئەگرێ ئەو ئامێرانەی لە لانکەی ئەو نەتەوەیەوە هاتووە رەنگێکی، تامێکی، خەیاڵێکی دیکەیان ئەکا بە بەردا. شێوازی گۆرانی کوردی بێ گومان ناتوانین بەراوردی لەگەڵ فارس و تورک و عەرەب دابکەین لە یەک پرسیاردا، بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم میلۆدی کوردی نەرم و نیان و ساکارە ریتمی کوردی لەچاو دەوروبەردا خێراترە، تابعی کوردی خەمۆکی نییە، دڵ رفێن و جوان بەخشە"، بەڵام دەربارەی هەمان پرسیار هونەرمەند (دلێر حوسێن) بۆچوونی تایبەتی هەبوو ئەو پێی وایە ئەو هۆکارانەی کە موزیک و مۆرکی نەتەوەیەک دیاری بکات زۆر زۆرن و کاری زۆری دەوێت، بەراستی ئەوە کیانی پتەوی ئەوێت و کەسانی بەئەزمون و دڵسۆزی چاوتێری ئەوێت کە ئەو بووارە زیندووبکەنەوە. من لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێکی سەرەکی ئەدەم:

1. پاککردنەوەی هەموو گۆرانی و موزیکە فۆلکلۆرییەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی.
2. ئەرشیفکردنیان لە ئەرشیفێکی نەتەوەیی گەورەدا دوور بێت لە هەموو لەتمەیەکی سیاسی.
3. پۆلێنکردنیان بە شێوەی ئەکادیمی واتە جیاکردنەوەی جۆرەکان بەپێی ئەم خاڵانە:

ا ـ دیاریکردنی جۆری دەنگەوارەکانیان (تۆنالیتی) ئەگەر لە پەیژەی موزیکی یاخود دمۆددا ببینرێتەوە.

ب ـ دیاریکردنیان بە پێی ریتم ئەگەر کێش و ریتمی دیاریکراوی هەبێت یاخود (میتری ئازاد) یان کێش ئازاد بێت کە لای ئێمە بە (مەقام) ناسراوە.

ج ـ دیاریکردنی جۆری میانەکان لە هەر جۆرە ئاوازێک.

د ـ دەرخستنی کاریگەری دەوروبەر بەسەر ئەو شتانەوە و دەرخستنی کاریگەری ئەو شتانە بەسەر دەوروبەرەوە.

ه ـ دیاریکردنی ئەو شتانەی دەوروبەر کە نزیکی یاخود لێکچوونی هەبێت لەگەڵ شتەکانی ئێمە، دۆزینەوەی ریشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و هتد...

ز ـ دیاریکردنی خاڵە بەهێزەکانی لەیەکچوونی فۆلکلۆرە لەیەکچووەکان، ئەمانە کۆمەڵێک خاڵی سەرەکین بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی موزیک و مۆرکی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی تر. وتیشی ئەو جیاوازیانەی کە دوو نەتەوە لە موزیک و گۆرانی جیادەکاتەوە .دابەش دەکەم بۆ چەند خاڵێک یەکەم ئەتوانین بڵێین ئەو ئامێرانەی کە تیایدا بەکاردێت بە ژەنینی ئاوازەکە هەستی ئەو موزیکژەنانەی کە ئامێرەکان دەژەنێت بە چ روحێکەوە دەژین و جۆری ریتمەکەشی واتە (ایقاع) وە ئاوازو گۆرانی کوردی کوردی رۆحێکی تایبەت بە خۆی هەیە زۆر جیاوازی هەیە لە دراوسێکان وە ئەگەر بە جوانی گرنگی پێبدرێت دەتوانێت شێوازێکی تایبەتی خۆی بپارێزێت چونکە هەندێک کەسی دڵسۆزیش گرنگی بەم بوارە دەدەن بۆیە پێیان وایە هەر ئەو خۆشەویستیەیە کە ئەو سیقە جوانانە دەبەخشێتە ئاوازو موزیکی کوردی. پێم وانییە لە هەموو لایەکدا توانی بێتی لە سەدا سەد ئەوکلتوورو ئاوازو موزیکە وەک خۆی پێش بکەوێت و چەندەها ساڵە کورد هەتۆتە سەرپێی خۆی تا بتوانێت بە هەموو لایەک وا لە موزیکی کوردی بکەن پەیوەست نەبێت بە کەسانی تری دەرەوە وە تێکەڵبوونمان لەگەڵ دراوسێکان هۆکارێکی تری پێشنەکەوتنی ئاوازی کوردی و گرنگی نەدانی گۆرانیبێژە گەنجەکانتان بە گۆرانی کوردی زیاتر بە ئاوازی تورکی و فارسی خەریکن ئەتوانین بڵێین تارادەیەکی باش هۆنراوەکە باس لە هەموو شتی کورد بکات، بێگومان ئەو هونەرمەندەی ئاوازەکەشی بۆ دادەنێت کوردیان مامەڵەی لەگەڵ دەکات دەتوانێت رەسەنایەتی کوردی تیا ببینێتەوە". دواتردەربارەی هێنانەناوەوەی موزیکی بیانی هونەرمەندی میوزکژەن نەجات ئەمین پێی وایە کە "هێنانەناوەوە یاخود تێکەڵکردنی ئاوازی تورکی و فارسی، عەرەبی بە هونەر و ئاوازی کوردی ئەگەر وەکو تەکنیک فێری ببین کارێکی خراپ نییە، بەڵام ئەگەر وەکو عەرەبی بیهێنین و وەکو کوردی بیڵێین ئەمە شتێکی باش نییە بۆ نموونە هەر یەکێ لە ئێمە پێمان خۆشە لە کەناڵێکەوە گوێمان لە گۆرانییەکی تورکی هندی فارسی بێت، بەڵام ئەگەر ئەو ئاوازو گرانییە فارسی و عەرەبیانە بهێنین و وەکو کوردی بە ئێمەی بفرۆشنەوە ئەو کاتە زۆر پێمان ناخۆشە چونکە ئەمە کارێکی خراپە کارێکی تێکدەرانەو کارێکی تیرۆریانەو هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ تیرۆرکردندا تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئەوی تیرۆری ئینسانییەو ئەمیان تیرۆری هونەرییە. ژەنیارە کوردەکان، بەڵکو هونەرمەندی کورد بە گشتی لەناو یەکتردا تەبا نین لەبەرئەوەی یەکەم ئاست و مستەوا واتە زۆرینەیان ئاست و مستەوایان دیاریکراوەو کەمترین جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا ئەمەش وای کردووە هەموو دوو دڵ بن لە ئاست و مستەوایان و لێرەشدا بۆتە هۆی ئەوەی کەس بە کەس رازی نەبێت، جگە لەوەی کەس نایەوێت خۆی ببینێت و کەسیش ئامادە نییە کە پێی بڵێی فەرموو ئاوێنەو سەیری خۆت بکە و ئەگەر سەیری خۆشی بکات سەیری روخساری دەکات، نەک ناوەرۆک و دەروونیان ناکرێت تا بزانێت تواناو قودرەتی چییە، ئەمەش تەنها لە هونەردا نییە، بەڵکو لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا وای لێهاتووە بۆیە لە بواری هونەریشدا هەموو هەڵپەکان بووە بە هەڵپەی پێویستییەکانی ژیان نەک هەڵپە بۆ هونەرو داهێنان لە هونەردا بۆیە جیاوازی نەماوە لەنێوان هونەرمەندانداو ئەمەش بۆتە هۆی بەغیلی بردن بە یەکتری و ناتەبایی بوون کە ئەمەش لە نەزانینەوە هاتووە کە بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە لایەنی هونەری و لە ئەوروپاشدا ئەم قۆناغانەیان بڕیوە، بەڵام جیاوازی ئەوان ئەوەیە کە هونەرە رەسەنەکەی خۆیان وەک ئەرشیفێک هەیە، بۆیە تێکدانی زیان ناگەیەنێت، چونکە گوێگر شتە رەسەنەکان دەناسێت".